## گرووپی هەڵپەڕکێی کەرکووک

# خزمەتێکی زۆر، ئاوڕلێدانەوەی و پاڵپشتییەکی کەم

له زۆربەی شار و شارۆچكەكانی كوردستان تیپ و گرووپی هونەری جیاجیا هەن كه هەر یەكیان له بوارێكی تایبەتی هونەریدا خزمەت دەكات، وەك گۆرانی و موزیك و شانۆ و سەما، گرووپی هەڵپەڕكێی كەركووك یەكێكه لەو گرووپانەی كه تایبەته به بواری سەمای فۆلكلۆری كەركووك و ناوچەی گەرمیان بەگشتی و له ژمارەیەك كچ و كوڕی ئەم شاره پێكدێت و هەرچەنده خزمەتێكی بەرچاویان كردووه، بەڵام تا ئێستا به شێوەیەكی رەسمی له هیچ روویەكەوه هاوكاری نەكراون، تەنیا ئەوه نەبێت كه هەندێك كەس له روانگەی دڵسۆزی خۆیان بۆ شاری كەركووك هاوكارییان دەكەن لەگەڵ رێكخراوێكی بیانی كه له دەرەوەی كوردستانه و له ئاستێكی دیاریكراودا هاوكارییان دەكات. محەمەد دزەیی سەرۆكی گرووپەكه له دیدارێكیدا لەگەڵ گوڵان بەمجۆرەی باسی ئەو تیپه هونەرییەی شاری كەركووك و كێشه و گرفتەكانیان دەكات.





سەرەتا محەمەد دزەیی باسی لە چۆنیەتی دامەزراندنی ئەم گرووپە هونەرییە کرد و وتی: گرووپی هەڵپەڕکێی کەرکووك لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٤ دامەزرا، بەڵام لە ٢٠٠٩/٩/٩ بە شێوەیەکی رەسمی دامەزراندنی گرووپەکەمان راگەیاند، بەڵام سەر بە حکومەت نین، واتە وەك گرووپ و سەنتەرە هونەرییانە نییە کە حکومەت منحەیەکی تایبەتییان پێ ببەخشێت بۆ راپەراندنی کارەکانیان، بەر لەو قەیرانە ئابوورییەی کە ئێستا کوردستانی گرتۆتەوە رێکخراوەکان بەگوێرەی توانای خۆیان هاوکارییان دەکردین، بەڵام لەبەر ئەوەی قەیرانی ئابووری هەموو جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان زەرەرمەند بووین و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کارەکانمان هەبوو.

**محەمەد دزەیی:** ئەوەش دەخاتەڕوو کە گرووپەکەیان لە ٩ کچ و ٩ کوڕ پێکدێت کە بەشێکی زۆریان قوتابی زانکۆن، لەگەڵ سێ راهێنەر، هەفتانەش ٣ رۆژ لە بارەگای سەنتەری (هونەردۆست بۆ داکۆکیکردن لە مافی هونەرمەند) مەشقەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، وتیشی: سەماکارەکان کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحیشی تێدایە، واتە هەر چوار نەتەوەکەی شاری کەرکووك، تابلۆکانمان زیاتر گوزارشت لە شایی و هەڵپەڕکێی دەڤەری گەرمیان بەگشتی دەکات، هەروەها جلوبەرگی کۆنی ئەو دەڤەرەش لە تابلۆکاندا بەکاردەهێندرێت، جگە لە پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێی کوردی، تابلۆی هونەری عەرەبی و تورکمانی و مەسیحیش پێشکەش دەکەین، چونکە وەك گوتم ئەندامەکانمان لە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی شاری کەرکووکن، من بڕگەکانی تورکمان و مەسیحی و عەرەبی ئامادە دەکەم و هەردوو برای خۆشەویستم راهێنەران ئالان ئازاد و مامۆستا هاوکار تابلۆ کوردییەکان ئامادە دەکەن.

سەبارەت بەوەی بۆچی گرووپەکەیان وەك زۆربەی رێکخراو و گرووپی دیکەی هونەری بەشێوەیەکی رەسمی لەلایەن حکومەتەوە نەناسراوە و هاوکاری ناکرێ، سەرۆکی گرووپەکە دەڵێ: لە هەموو پارێزگاکانی عێراق تیپی هونەرە میللییەکان هەیە و هەموویان مۆڵەتی رەسمییان هەیە و حکومەت مانگانە هاوکارییان دەکات، تەنیا لە شاری کەرکووك نەبێت کە بە رەسمی گرووپی لەو شێوەیەی نییە، بۆیە ئێمە لە کابینەی پێشووی حکومەتی بەغدا داواکاریمان پێشکەش بە وەزارەتی رۆشنبیری فیدراڵی کرد بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکات و بەشێوەیەکی رەسمی تۆمار بکرێ تاکو مانگانە هاوکاریمان بکەن، بەڵام لە وەڵامی داواکارییەکەی ئێمە وتیان: بەو مەرجە هاوکاریتان دەکەین کە گشت پێوەندییەکتان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمێنێت ئەمە لە کاتێکدایە کە کارەکانمان بە هیچ شێوەیەك تایبەت نییە بە کورد و ئەندامانمان لە هەر چوار نەتەوەکەی کەرکووك پێکدێن، هەروەها تابلۆکانیش گوزارشت لە هەر چوار نەتەوەکە دەکەن، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری رەتی کردەوە بە هیچ جۆرێك یارمەتیمان بدات، هەروەها پارێزگای کەرکووکیش بە هیچ شێوەیەك یارمەتییان نەداین، هەرچەندە ئەوان بەردەوام کارەکانمان دەبینن لە بۆنە و یادەکاندا، ئێمە داوای هاوکاریمان لە پارێزگای کەرکووکیش کرد، بەڵام نەك هاوکارییان نەکردین، بەڵکو نەمانتوانی تەنانەت چاویشمان بە بەڕێز پارێزگاری کەرکووك بکەوێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کێشە و گرفتەکانی خۆمانیان پێ بڵێین.

لە بارەی هاوکاری کردنیان لەلایەن رێکخراوەکانەوە محەمەد دزەیی وتی: وەك باسمکرد پێشتر رێکخراوەکان هاوکارییان دەکردین، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە ئەوانیش ناتوانن ئێستا هاوکاریمان بکەن، سەندیکای هونەرمەندان و رۆژنامەنووسان تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك هاوکارییان نەکردووین، تەنیا رێکخراوێکی سویدی مانگانە هاوکارییەکی بچووکمان دەکات لەلایەنی داراییەوە، هەروەها لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێزان عەمید سەرحەد قادر لە رووی ماددییەوە زۆر هاوکارییان کردووین و جلوبەرگی تیپیان دابینکردووە، هەروەها کاك هەڵۆ لە ئاسایش بەردەوام هاوکاریمان دەکات، بەتایبەتی لە کاتی وێنەگرتنی کلیپەکاندا ئاسایشمان بۆ دابنین دەکات، لە رووی هونەرییشەوە چەند هونەرمەندێك هاوکاریمان دەکەن وەك مامۆستا ناسر حەسەن، مامۆستا سیروان عومەر، هونەرمەند حەسەن غەریب لێرەوە بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموویان بکەم.

دەربارەی هەڵوێستی نەتەوەکانی دیکەی کەرکووك لەسەر گرووپەکە محەمەد دزەیی دەڵێ: بەشێك لە تورکمانەکانی کەرکووك زۆریان پێناخۆشە کە دەبینن ئێمە تابلۆی هونەری هەموو نەتەوەکانی ئەم شارە پێشکەش دەکەین و بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆمان ئاشکرا دەکەن، بەڵام مەسیحییەکان هەڵوێستیان ئاساییە و هاوکاریشمان دەکەن لە کاتی پێویست، هەرچەندە ئەندامەکانمان لە هەموو نەتەوەکانن و بە جلوبەرگی رەسەنی ئەوانیش تابلۆکان پێشکەش دەکەین.

لە کۆتاییشدا سەرۆکی گرووپی هەڵپەڕکێی کەرکووك وتی: وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا بە هیچ شێوەیەك هاوکاریمان ناکات، بۆیە داوامان لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە گرووپەکەمان بە شێوەیەکی رەسمی بناسرێت و مۆڵەتی پێ بدرێت وەك گرووپی تیپە میللییەکانی پارێزگاکانی دیکە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بەردەوام بین لە کارەکانمان و خزمەتێك بە هونەری کوردی بگەیەنین.

**وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا بە هیچ شێوەیەک هاوکاریمان ناکات، بۆیە داوامان لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە گرووپەکەمان بە شێوەیەکی رەسمی بناسرێت و مۆڵەتی پێ بدرێت وەک گرووپی تیپە میللییەکانی پارێزگاکانی دیکە**





# ریهانا ١٠٠ ملیۆنی تێپەڕاند

سەرەڕای ئەوەی کە لە ژیانی ئاساییدا بە کچێکی سەرەڕۆ ناسراوە و هەمیشە کاری و سەرنجڕاکێش ئەنجام دەدات و زۆر بەوە تاوانبار دەکرێت کە گشت هێڵە سوورەکان دەبەزێنێت و پابەند نابێت بە هیچ شتێك، بەڵام کچە گۆرانیبێژ ریهانا بەردەوامە لە تۆمارکردنی سەرکەوتن لە بواری هونەریدا.

بەر لە چەند رۆژێك کۆڕبەندی ئەمریکی بۆ پیشەسازی تۆمارکراوەکان رایگەیاند کە ریهانا بوو بە یەکەم گۆرانیبێژ کە فرۆشتنی گۆرانییەکانی لە ١٠٠ ملیۆن تێپەڕ بکات، ئاماری دابەشکردن لە رێگای ئامێرەکانی بیستنی دیجیتاڵی پشت بە فرۆشتنی داونلۆد کردنی گۆرانییەکان و خزمەتگوزاری لە رێگای ئەنتەرنێتەوە دەبەستێ لە ئەمریکا.

کاری شیرمان سەرۆکی تەنفیزی و سەرۆکی ئەنجوومەنی کاگێڕیی کۆڕبەندەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: تا ئێستا هیچ گۆرانیبێژێك نەك تەنها بەربەستی ١٠٠٠ ملیۆنی تێپەڕ نەکردووە، بەڵك ئەمە یەکەم گۆرانیبێژە دەگاتە ئەم ژمارەیە، ئەمەش دەستکەوتێکی مێژووییە و بەڵگەیەکە لەسەر دوارۆژێکی پیشەیی بێ وێنە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە لە کاروانی هونەریی خۆیدا ریهانا تا ئێستا هەشت جار خەڵاتی گرامیی بەدەستهێناوە و حەوت ئەلبوومی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە.



# لە ترسی میدیاکان کلۆنی خانووەکەی دەفرۆشێت

هەرچەندە پێش ماوەیەك ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە و هەر بەو بۆنەوەیەش خانوویەکی نوێی هاوینییان کڕی لە دوورگەی کۆمۆ، بەڵام ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی جۆرج کلۆنی و ئەمەل عەلەمەدین -ی هاوسەری کە بە ڕەگەز لوبنان -ییە بەنیازن بۆ بەسەربردنی وەرزی هاوین روو لە شوێنێکی دیکە بکەن.

لەم بارەیەوە کلۆنی رایگەیاند ماوەیەکی زۆر سەرقاڵ بووم تاکو توانیم ئەم خانووە بدۆزمەوە و لەسەر خواست وداواکاری هاوسەرەکەم کە ئەویش زۆری بە دڵ بوو، بڕیارمان دابوو هاوینان لێرە بەسەر بەرین، بەڵام لەبەر ئەوەی وێنەگران باباراتزی بێزار دەکەن و بەردەوام بەدواوەیانن بەمەش هیچ تام و خۆشییەکیان بۆ ژیانیان نەهێشتووە، بۆیە بڕیاریانداوە بیفرۆشن، ماڵپەڕی Page Six» کە تایبەتە بە هەواڵی ناوداران لە سەرچاوەیەکی نزیکی کلۆنی-یەوە رایگەیاند کە کلۆنی زۆر دڵی بەم خانووە خۆشە و خۆشی دەوێ و تەنانەت دراوسێکانیشی زۆر بە دڵە، بەڵام پێدەچێت زۆر بێزار ببێت لە باباراتزی بۆیە بڕیاری داوە بیفرۆشێت.

شایەنی وتنە ئەم خانووە دەکەوێتە دوورگەی کۆمۆ لە ئیتاڵیا و پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٢ خانەوادەی هاینز بە بڕی ١٠ ملیۆن دۆلار کڕیبووی، بەڵام ئێستا زۆر کەس ئامادەیە بە بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار لێی بکرێتەوە.

# سانی لیون و سیلینا لەسەر شوقتەیەک بەشەڕ هاتن



ززۆر جار باس لە ناکۆکی و گرفتی نێوان هونەرمەندان دەکرێت، تەنانەت ئەم ناکۆکییانە دەگاتە ئاستی بە یەکداچوون و لێدانیش، هۆکارەکانیش جیاوازن، بەڵام بە قسەی خۆدی هونەرمەندان هۆکارەکان زیاتر ئیرەیی پێ بردنە بە سەرکەوتنەکانی یەکتری.

بەم دواییە ئەکتەری هیندی سیلینا جیتلی شوقفەیەکی بە کرێ دابوو بە سانی لیۆن و دانیال ویبری هاوسەری، بەڵام دوای ماوەیەك تووشی گرفتی زۆر بۆوە لەگەڵیان و داوای لێکردن بە زووترین کات شوقفەکەی چۆڵ بکەن و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە هەڕەشەشی لێکردن، بەڵام سانی و هاوسەرەکەی بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون شوقفەکە چۆڵ کەن تا ئەو کاتەی دوو ساڵی گرێبەستەکەیان تەواو دەبێت.

لەم بارەیەوە سیلینا لە میانەی راپۆرتێکی ماڵپەڕی Bollywoodhungama.com دەڵێت: من و منداڵەکانم لە هۆتێلێك نیشتەجێ بووین، چونکە سانی و هاوسەرەکەی رازی نەبوون شوێنەکەم چۆڵ بکەن، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی یاساییان پێ نەبوو بۆ ئەوەی بتوانن تێیدا بمێننەوە، سیلینا هەروەها دەڵێ: ئەوان زۆر پاڕانەوە لێم تا شوقفەکەیان پێ بدەم، چونکە هیچ کەسێك ئامادە نەبوو شوقفەیان پێ بدات لەبەر لە خۆبایی بوونیان، بەڵام سەرەڕای ئەوەی شوقفەکەیان چۆڵ نەکردبوو، هەموویشیان تێکدا بوو، بە هیچ شێوەیەك پابەندی پاکوخاوێنی نین، بگرە وەکو تسۆنامی وان هەموو کەلوپەلەکانیان تێکدابوو، چەندین کاریان تێیدا ئەنجامدابوو بێ ئەوەی من ئاگادار بم، لە کۆتاییشدا ئامادە نەبوون چۆڵی بکەن، دواتریش نامەیەکی زۆر ناشیرینیان بە ئیمێل بۆمان نارد.






## عادل ئاکرەیی:

# دەرهێنەرە بیانییەکان لە کوردستان ئێمەیان بێزار کردووە

گەنجێکی شـــاری ئاکـــرێ -یە و خاوەن ســـتایلێکی تایبەتە لە بوارەکەی خۆی کە پێی ناســـراوە. عادل ئاکرەیی نموونەی ئەوەیە کە شـــاری ئاکرێ تەنیا موزیســـیان و گۆرانیبێژی ناوداری پێشکەش بە کوردستان نەکردووە، بۆ ئەوەی خزمەتی هونەری کوردی بکەن، بەڵکو لەم شارەدا چەندین گەنج هەن کە لە بوارە جیاجیاکاندا دەتوانن کاری زۆر جوان پێشـــکەش بکەن، ئەم دەرهێنەرە گەنجە ســـتایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە کـــە تا رادەیەك پێی ناســـراوە و لە کارەکانیشیدا نوێگەرایی و کەلتوور و رەسەنایەتی بەدی دەکرێت. لە دەرفەتێکدا ئەم دیدارەمان لەگەڵ ســـازکرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان -ی دایەوە.



*** ئایـــا دەرهێنەر بەتایبەتی ئەوانەی زیاتـــر کاری کلیپ دەکەن ستایلی تایبەت بە خۆیان هەیە؟**

- لە ســـەرەتای کارکردنم لە بواری دەرهێنان بەتایبەتی دەرهێنانی کلیپ، هەوڵمدا ســـتایلێکی جیاوازترم لـــە دەرهێنەرانی پێش خۆم هەبێت، باشترین بەڵگەشم بۆ بوونی ستایلی تایبەت بە خۆم ئەوەیە کاتێـــك بەرهەمێکم لە کەناڵەکان بڵاو دەبێتەوە هەر لە تایتڵەکەیەوە شوێن دەستی منی پێوە دیارە ئەمەش بۆ بوونی ستایلی تایبەت بە خۆم دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێموایە پێویســـتە دەرهێنەریش ستایلی تایبەتـــی بە خـــۆی هەبێت بەتایبەتی بۆ ئەوەی پێی بناســـرێت، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی ئـــەوەی هونەرمەندانیش بزانن چۆن و لەگەڵ چ هونەرمەندێك کار بکەن.

*** زۆر لە دەرهێنەران زیاتر پشـــت بە نوێکاری دەبەستن، پێتوایە دەبێ لە کلیپەکاندا پشت لە کەلتوور بکرێ؟**

- بێگومـــان ئێمە ناتوانین کەلتوور و ڕەســـەنایەتی خۆمان لە بیر بکەیـــن، یان پشـــتگوێی بخەین لە پێناو شـــتی نـــوێ، هەروەها پێویستیشـــە شتی نوێ لە کلیپدا هەبێت، بەڵام پێویستە دابونەریت و کەلتووریـــش زۆر بە هەنـــد وەربگیرێت و بە ســـوودوەرگرتن لە هەردووکیان کارێکی جوان و ســـەردەمییانە پێشـــکەش بە جەماوەر بکەین تا لێی ڕازی بن.

*** بەر لە دەســـتپێکردنی وێنەگرتنی هەر کلیپێك یەکەم کار چییە کە ئەنجامی دەدەی؟**

- کلیپ وەکو کورتە فیلمێك وایە و پێویســـتە هەموو ڕەگەزەکانی تێـــدا بێت بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەك بێت کە تێکســـت گۆرانییەکە و دەرهێنانی پێوەندییان هەیە، بۆیە یەکەم کار کە ئەنجام بدەن لە کاتی وێنەگرتن هەر کلیپێك ئەوەیە کە تێکســـتەکە بە باشی دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی سیناریۆیەکی باشـــی بۆ بنووسم، ئینجا لوکەیشنی بۆ هەڵدەبژێـــرم، دواتریش دەســـت بە وێنەگرتن دەکەین، دیارە ئێســـتا کامێرای پێشـــکەوتوومان لەبەر دەستە بۆیە ئێستا گرنگترین شت لە کلیپ کوالێتییە، پێویســـتە ئێمە وەکو دەرهێنەر چاوی بینەر پڕ بکەین، بەڵام ناکرێ تەنها کوالێتی بەرزی کلیپەکە بکەینە پێوەر بۆ ســـەرکەوتنی و ڕازی کردنی جەماوەر وەکو وتم تێکهەڵکێشی نێوان کاری نوێ و کەلتوور زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتنی کلیپەکانم.

*** ئایا دەرهێنەرانی کورد لە ڕووی ئەکادیمیەوە قۆناغی باشـــیان بڕیوە؟**

- لێـــرەوە حەز دەکەم ڕاســـتییەك بڵێم، من پێموایـــە ئێمەی کورد دەرهێنـــەری پرۆفیشـــناڵ و ئەکادیمی نین، بەشـــی هەرەزۆرمان ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن زیاتـــر وەك حەزی منداڵییە، ئەم حەز و خولیایـــە کاریگەری بەســـەر ئێمەوە هەبووە، بـــەڵام دەبێ ئەو ڕاســـتیەش بڵێم مەرج نییە دەرهێنەر ئەکادیمی بێت، چونکە بەپێی زانیارییەکانم زۆربەی دەرهێنەران لە بواری ئەکادیمی نین، سەبارەت بە خۆم لەبەر چەند هۆکارێکـــی تایبەتی خۆمەوە نەمتوانی بچم لـــە کۆلێژی هونەرەجوانەکان، هەرچەندە هەمیشـــە ئەوە خەونێکی گەورەی من بووە

*** بۆچی هەندێك لە هونەرمەندان پشـــت بـــە دەرهێنەرانی بیانی دەبەستن؟**

-دەکرێ ئەم پرســـیارە لە خودی هونەرمەندان بپرســـی کە بۆچی بـــڕوا و متمانەیان بە دەرهێنەرانی کورد نییە، لە کاتێکدا ئەگەر بە وردی سەیری کارەکانی ئێمە و ئەوان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆمـــان نییە و ئەگەر هەمان ئیمکانیاتی ئەوان لەبەر دەســـتی ئێمـــەدا بێت، ئەوا دڵنیام کاری زۆر جوانتر و باشـــتر پێشـــکەش دەکەین، هەروەها دەرهێنەری بیانی پێویســـتی بە پارەیەکی زۆرە بە پێچەوانەی دەرهێنەری کورد.

*** ئێســـتا ئێمە خاوەن دەیان کەناڵی ئاســـمانی و لۆکاڵین، ئایا ئەم کەناڵانە توانیویانە لە ڕووی دەرهێنانەوە خزمەت بە هونەری کوردی بکەن؟**

- بە ڕای من گشت کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان نەیانتوانیوە کاری هونەری بەتایبەتی کلیپی کوردی لە جیهاندا بڵاو بکەنەوە بەو شـــێوەیەی کـــە دەرهێنەرانی کورد داوا دەکـــەن، یان خەونی پێوە دەبینن بۆ ئەوەی لەســـەر ئاستی جیهان بناسرێن، چونکە تا ئێستا هزری ئێمە، هونەری، ئێمە کلیپی ئێمە، تەنانەت سیاسەتی کوردیش لۆکاڵییە.

*** زۆرلە کەناڵەکان کەسانی تورکی عەرەب بە پارەیەکی خەیاڵی دەهێنـــن و ئاوڕ لە دەرهێنەرانی خۆمـــان نادەنەوە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دەمەوێ ڕاشـــکاوانە باس لەم مەســـەلەیە بکـــەم، ئەم کارەش یەکێکی دیکەیە لە نەهامەتییەکانی ئێمەی دەرهێنەر، چونکە بە دەیان کادری هونەری سەرکەوتوومان هەیە کە دەتوانن بە ئاسانی هەمـــان کاری دەرهێنەرە بیانییەکان ئەنجام بدەن بە نرخێکی زۆر هەرزانتر، هەروەها پشت بەستن بە دەرهێنەری کورد دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆیان و چۆنیەتی پێشخستنی بدەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بکەن، بە هەمان شێوە ئەگەر سەیری ئەو کلیپانە بکەین کە لە دەرەوەی کوردســـتان بەرهەم هاتوون، دەبینین زۆربـــەی ئەو کلیپانەی لە دەرەوە کوردستان بەرهەم هاتوون کاری سەرکەوتوو نەبوون، چونکە دوورن لە دابونەریتی کوردەواری لە هەمان کاتدا گونجاویش نین، هەروەها دەمەوێ بە ڕاشکاوی بڵێم کە ئەم دەرهێنەرە بیانییانە کە مانگانە بە ســـەدان هەزار دۆلار لە کەناڵە کوردییەکان وەردەگرن، بوونەتە هۆی بێزاربوونی و بێ ئومێدبوونی دەرهێنەرانی کوردی، ئەمـــەش وا دەکات کە نەتوانن وەکو پێویســـت داهێنان لە کاری خۆیاندا بکەن.

*** وەك عادل ئاکرەیی هەســـت دەکەی کەناڵە کوردییەکان مافیان خواردووی؟**

-بەداخەوە ئێمەی کورد لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی لە بواری هونەریدا بێگانە پەرســـتین و بڕوامان بە تواناکانی خۆمان نییـــە و حەز ناکەین کە گەنجەکانمان پێـــش بکەون و تواناکانی خۆیان دەربخەن، هەر کەســـێك لە دەرەوە بێتە کوردستان پێمانوایە ئەمـــە یەکەم کەس و بە تواناترین کەســـە لـــە بوارەکەی خۆیدا، لە کاتێکدا مەرج نییە ئەمە ڕاســـت بێت، وەکـــو عادل ئاکرەیی هەست لە سەرتای دەستپێکردنم بە دەرهێنانی کلیپەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هیچ حیســـاب بۆ کارەکانی ئێمە دانانێن و ڕێزی لێ ناگرن، چونکە مامەڵەکردنیان لەگەڵمان وەك دەرهێنەر نەبووە کە کاری ســـەرەکی ئێمەیە، بۆیە دەڵێم میدیای کوردی بە گشتی مافی من و هونەرمەندانی تریش دەخوات.

***دوایین کارت چییە؟**

- لـــە دوای هێرشـــەکانی داعش بۆ ســـەر کوردســـتان لەگەڵ ژمارەیەك هونەرمەندی کورد چەندیـــن کلیپمان بەرهەمهێنا کە زۆربەیان سروودی نیشتمانی بوون لەگەڵ زنجیرەیەك کورتە فیلم کە هێشـــتا نمایش نەکراوە، هەروەها لـــەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو دواییـــن کارم کلیپێکی نوێی هونەرمەند دەلال زاخۆلی بوو کە لە وڵاتی تورکیا تەواومان کرد.

**گشت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نەیانتوانیوە کاری هونەری بەتایبەتی کلیپی کوردی لە جیهاندا بڵاو بکەنەوە بەو شێوەیەی کە دەرهێنەرانی کورد داوا دەکەن، یان خەونی پێوە دەبینن بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان بناسرێن**

**زۆربەی ئەو کلیپانەی لە دەرەوە کوردستان بەرهەم هاتوون کاری سەرکەوتوو نەبوون، چونکە دوورن لە دابونەریتی کوردەواری لە هەمان کاتدا گونجاویش نین**